بیبلیوگرافیای
رۆژنامەی نفاوکاری

بەشی یەکەم

سالانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤

43260

مصطفی نەریمان

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

کۆماری عیراق

وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن

دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

کتێبی زنجیرە (٢٣٧)

١٩٨٥ی زاینی

١٤٠٥ی کۆچی

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ببلیۆگرافیا دروستکردن بۆ رۆژنامەو گۆڤار بایەخێکی زۆری هەیە ، ئەوکەسەی باس‌ولێکۆڵینەوەی بەدەستەوە بێت ببلیۆگرافیا باسەکەی بۆتەختو ئاسان ئەکات ، بەهۆی ببلیۆگرافیاوە لەلایەنە دەوڵەمەندو چڕەکانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارە ئەگەیتو هەروەها لەلایەنە لاوازەکانیشی ئەگەیتو هەوڵی دەوڵەمەندکردنی ئەدەیت .

لە جیهانی رۆژنامەنووسی کوردیدا ئەمجۆرە بەرهەمانە نەبوو ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٣دا ببلیۆگرافیایەکم بۆ (بەیان)ی ببلیۆگرافیایەکی تریشم بۆ گۆڤاری (رۆشنبیری‌نوێ) ئامادەکردو چاپکرا لەیەکەمیاندا ساڵانی (١٩٦٩ - ١٩٨٢)ی گرتبوەوە دووەمیشیان (٩٤) ژمارەی لێ‌گرتبوەوە کەلە دەساڵدا دەرچووبوون .

وا ئەم جارەیش ئەم ببلیۆگرافیایەم بۆ رۆژنامەی (هاوکاری) ئامادەکرد کە بریتییە لە ناوەرۆکی ئەم رۆژنامەیە لەماوەی پێنج ساڵی یەکەمی ژیانیدا واتە ساڵانی (١٩٧٠ - ١٩٧٤) ، ژمارە یەکی هاوکاری رۆژی هەینی رێکەوتی ٩/١/١٩٧٠ دەرچووەو لەم ماوەیەدا واتە لەو پێنج ساڵەدا (٢٤٨) ژمارەی لێدەرچووە ، زوربەی زۆری لاپەرەکانی ئەم رۆژنامەیە هەشت لاپەڕە بووە تەنها چوار ژمارەی نەبێت کە (١٠) و (١٢) و (١٦) لاپەڕەبوونو ژمارەیەکیشیان کە ژمارە (٩٩)یە

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تایبەتی‌بوو بە قەوارەی چل لاپەرەوە دەرچوەو رۆژنامەکە بەو ژمارەیەوە پێی ناوەتە ساڵی سێیەمی ژیانیەوەو لە ١/١/١٩٧٢دا دەرچووە .

رۆژنامەی (هاوکاری - هەفتەیی) لەلایەن دەزگای گشتی چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوەوە دەرچووە لەجیاتی سەرنووسەر ناوی مامۆستا (منذر عرێم)ی لەسەر نوسراوە لە ژمارە (١٣)وە ناوی کەسی لە سەرنەنوسراوە لە ساڵانی (١٩٧١ - ١٩٧٤) مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف)بووەتە سەرپەشتیاری گشتی (مشرف عام)ی رۆژنامەکە بێئەوەی ناوێشی لەسەر بنوسرێت ، لە ژمارە (٥١)ی رۆژنامەکەدا ناوی ئەم نوسەرانەی تیادا ئاشکرا کراوە کە لە هاوکاریدا کاری‌نوسین‌وا راپەراندنیان بەجێهێناوە (عبدالله عەباس ، جەلالی میرزا کەریم ، مەحمود عبدالله زامدار ، صلاح شوان ، بورهان قانع ، سەربەست بامەڕنی ، عەلی نەقشبەندی ، حەمید تاڵەبانی ، برایم عەزیز حاجۆن ، نوری حەیران ، ئەنوەر مەحمود ، حەمید عەزیز ، صلاح عەقراوی ،محمد عثمان عەزیز زادە ، محمد ئەمین پێنجوینی) هەروەها ئەم رۆژنامەیە ئەم پەیامێرانەی هەبووە ، لە (هەولێر) مستاز حەیدەری لە (سلێمانی) فەهمی قەرەداغی لە (کەرکوك) هیوا شوان ، لە (دهۆك‌و نەینەوا) صدیق عەلی ئامێدی ، بەم پێیە ئەوانەی ناویان نوسرا بە بنەمالەی پێنج ساڵەی یەکەمی رۆژنامەی هاوکاری ئەدرێنە قەڵەم .

دروشمی هاوکاری لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا رۆشنبیری گشتی‌بووە وەاتە هەموو بابەتە نووسین‌و ئەدەبی گرتوەتەوە نەمەشی لە ناوەرۆکیدا رەنگی داوەتەوە ، لەم ماوەیەدا لە هاوکاری نزیکەی (٢٥٦٠) بابەت نوسراوە شیعری کوردی گرەوی یەکەمی بردوەتەوە بەوەی (٥٦٢) پارچە شیعری کوردی تیادا بڵاوکراوەتەوە ، (دووەم) ریبورتاج‌و چاوپێکەوتنە (٢٨٠) ژمارەی گرتوەتەوەو مێژوویش بە (سێ)یەم

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دائەنرێت چونکەلە (٢٤٤) ژمارەدا بابەتە مێژوو بلاوکراوەتەوە ، لە هەموو بابەتەکان کەمتر زانستو زانیاری گشتیو پێناسینی کتێبی کوردییە .

وەك لە فەرهەنگی نووسەراندا بەرچاوتان ئەکەوێت (٤٥٩) نووسەر لەم ماوەیەدا بەرهەمیان لە هاوکاریدا بلاوکراوەتەوە ، (١٩٨)ی ئەم نووسەرانە لە سەرویەك ژمارەدا نووسینیانهەیە (٥٨)یشیان لە دوو ژمارەدا (٤٥)یشیان لە سێ ژمارەدا ، ئەم جۆرە نووسەرانە کە لە نیوە زیاترن بەمیوانی ئەم رۆژنامەیە دائەنرێن ، بەباریکیتردا بڕوانین ئەبینین کە شانزدە نووسەر هەریەکەیان نێوان (١٦ تا ٩٩) کەرەستەیان لە ژمارەکانی هاوکاریدا بلاوکراوەتە بۆ مێژوو ناوی بیست نووسەرتان بۆ تۆمار ئەکەین کە بەرهەمیان زۆر و فراوان بووە :

١ ـ مەحمود زامدار لە (٩٩) ژمارەدا نووسینی هەیە
٢ ـ مستەفا نەریمان لە (٨٦) ژمارەدا
٣ ـ بورهان قانع لە (٧٦) ژمارەدا
٤ ـ دکتۆر نەوزاد صالح لە (٦٦) ژمارەدا
٥ ـ صادق بهاء الدین لە (٥٧) ژمارەدا
٦ ـ عەزیز گەردی لە (٥٣) ژمارەدا
٧ ـ محمد تۆفیق ووردی لە (٤٣) ژمارەدا
٨ ـ ممتاز حەیدەری لە (٤٢) ژمارەدا
٩ ـ کەمال میراودەلی لە (٤١) ژمارەدا
١٠ـ عەلی نەقشبەندی لە (٣٨) ژمارەدا
١١ـ عبدالرحمن مزوری لە (٣٥) ژمارەدا

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

١٢ـ عبدالله سەراج له (٣٣) ژمارەدا
١٣ـ عبدالله عەباس له (٣٢) ژمارەدا
١٤ـ خەلیل جندی له (٣٣) ژمارەدا
١٥ـ کوردستان موکریانی له (٢٨) ژمارەدا
١٦ـ عبدالله بەرزنجی له (٢٦) ژمارەدا
١٧ـ مەجید نەدیم له (٢٥) ژمارەدا
١٨ـ شیرین عەباس له (٢٥) ژمارەدا
١٩ـ محمدی مەلاکەریم له (٢٤) ژمارەدا
٢٠ـ ئەحمەد رێبوار له (٢٣) ژمارەدا

له هاوکاریدا چەندەها کەرەستە بەم جۆرە نازناوانەوە بلاوکراونەتەوە (ئارام ، ئەرسۆ ، بارام . بەهرە ، توانا ، جەربەزە ، خەزان ، چەپەر ، دانا ، زاگرۆس ، رەنج ، سوارە ، سویلاف ، شنۆیی ، شەن ، عادل ، وانەك ، وەیس ـ هتد ...) ئەم نازناوانە هەریەکە بەرامبەر مادەکەیان بلاوکراونەتەوە بێئەوەی لە فەرهەنگی نووسەراندا بدرێنەپاڵ هیچ نووسەرێك چونکە ئێمە لەببلیۆگرافیادا مافی ئەوەمان بەسەرەوە نیە .

تاقە گیرو گرفتێك ئەگەرهاتبێتە رێگەمان مەسەلەی رێنووسە ئەبینیت هەرناوێك بەچەند جۆرە رێنووسێك نوسراوە ، ئێمە لێرەدا هاتین :

١ ـ ئەو ناوەلێکدراوانەی بە (عبد) دەست پێبکات وەك (عبدالله ، عبدالرحمن ، عبدالکریم) وەك خۆی نوسراوە .

٢ ـ ئەو ناوە لێکدراوانەی بە (الدین) تەواو ئەبێت وەك (عزالدین ، محی الدین) دیسانەوە وەك خۆیان نوسراون .

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

٣ ـ ناوی (محمد) وەك خۆی نوسراوە .

٤ ـ هەندێ لەو ناوە عەرەبیانەی کە ئەم پیتانەی تیادایە (ص ، ض ، ط ، ظ . ث) ئەویش وەك رێنووسە عەرەبی‌یەکەی نوسراوە .

لە هێنانە بەرهەمی ئەم ببلیۆگرافیایە زیگەی پێنج هەزار کارتم بەکار هێناوە ، نووسینی هەر مادەیەکی ناو ئەم بەرهەمە دووجاری پێویستە سەرەرای رێکخستنو تەتەلە کردنی ناووکەرەستەکان ، بەکورتی بڵێم ببلیۆگرافیا دروستکردن کارێکی هەروەها سەرپێی‌و ئاسان نیە ماندووبوونو وردەکاری‌و کۆڵ نەدانی‌ئەوێت ، بۆی دانرابوو ئەم بەشە ببلیۆگرافیایە بەشەش ماتگ تەواوبێت ، شەوم دا بەدەم رۆژو بەچوارمانگ هێنامەبەرهەمو پێشکەش دەزگای رۆشنبیری کوردیم کرد ، ئەو دوو بەشەکانی‌تریش خوا یاربێت پێش وادەی خۆیان دەرئەچن ، تاقە هیوایەکم رەزامەندی ئێوەی نووسەرو خوێنەی کوردی‌یەو ئیتربەرەو پێشەوە .

نەریمان

١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٥.

---

* بەشێك لەم ناوانە لە بنەماڵەی (هاوکاری) خۆیدابوون .

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library